ئاسۆ بیارەیی
2005-4-30 سوێد



# تەحریفیەکانی پشت ئاشان و یەکی ئایار

## ڕۆژی جهیانی کرێکاران

## لە کرێکارانی کوردستان و عێراق پیرۆزبێت

assobyari@yahoo.com

**ئاش بەتاڵە، ئاش بەتاڵە..**
**تۆڵە بەسەبرە ئەمما بە زەبرە، بەڵێ بە زەبربوو..**
**مارکس گۆڕهەڵتەکێنە بزانە چۆن تەحریفیەکانی ئاخر زمان، بە قاعدەو وقیادەوە، بەرەو دیوی ئێران هەڵهاتن-*دەنگی شۆڕشی عێراق-ڕۆژانی ئایاری* *1983* ⁕. بیان کوژن بیان بڕن, ئەوانە دەیانەوێ کێوەکانی کوردستانیش تەعریب بکەن.**
**حسک و شیوعی و قیادە موقەت، ڕەنجی کورد بە با دەدەن!**⁕ ***هەمان ئێزگە، ئایاری ساڵی*** 1983.

**ئەمەی سەرەوە، دڵۆپێکە، لەو قینەی کە لە زاری ئێزگەکەی یەکێتی نیشتمانییەوە دەتکا، کە وەکو ووزە، جەنگی ناوخۆیی، لە بەشێکی کوردستاندا گەرم دەکرد و بەهەزارەها پێشمەرگەی ڕەوانەی شەڕی براکوژی دەکرد. بەڵێ، کوردستان، لە قاعدە و قیادەی تەحریفیەکان، لە گەڵ قیادەی موەقەتدا، گسکدا(حسک) و پاسۆکدا، پاککرایەوە.**

**پێش شەڕی براکوژی، ئێوارە نەبوو، شارەکانی کوردستانی باشوور، بەگرمەی ئاربیجی و قرمژنی دەستڕێژ، شار بێدارنەکەنەوە. ئێوارە نەبوو پێشمەرگە میوانی جەماوەرنەبێت. جاش و سیخورەکانی ڕژێم لە ژێر زەمینیشدا خۆیان لە ترساندا پێ نەدەشارایەوە..**

**لەو کاتەدا کە تەنها شارەکان بەدەست ڕژێمەوە مابوون، پیاوەکانی, دوای سەعات دوانزەی نیوەڕۆ نەیان دەوێرا مۆڵگەکانیان بەجێبهێڵن، شار و دیهات، یەک پارچە گڕی شۆڕش بوو، داگیرکەر، لاواز بوو بوو. زۆر ناوچەی لە کورستاندا بە جێ هێشتبوو، یەکێتی بەم کارە، خۆیناوترین چەبکە گوڵی وتوێژی بەرەو شاری بەغدا بردەوە، هێندەی نەبرد ، سەدام، لە سەخترین دوژمنەوە، بوو بە دادوەر. ئەمرۆکەش سزادنی ئەو تاوانبارە، سێدارەدانی ئەو فاشستە جێگەی گومانە. لە مونەزەماکاندا، ئەمنەکان، ئاهەنگیان گێڕابوو، مزگینی، کوردەکان شەڕی براکوژی دەکەن.**

**هەوڵی مۆنۆپۆلکردنی گۆڕەبانی کوردستان، لە لایەن(ینک)وە، گەیشتبووە ڕادەی شەڕ و دەروازەکانی ئاشتی داخرابوون. پێشمەرگەی هەر لایەنێک، بێجگە(ینک) بۆی نە بوو، ئۆپەراسیۆن دژی داگیرکەران بکات، بەڵکو دەکەوتە بۆسەی هێزەکانی(ینک)وە.**

**حزبی شیوعی، کە لە گەورەترین کارەساتی لە ناوبردن ڕزگاری بوو بوو، لێهاتوترین کادیر و ئەندامی خۆی کردبووە پێشمەرگە ،بەگیانێکی پڕ لە خۆ بەخت کردنەوە، هەوڵی تەبایی نێوان(ینک و پدک)ی دەدا، لە خەمی یەکخستنی ڕێزەکانی گەل بوو دژی ڕژێمی سەدام.**

**حزبی شیوعی ، هەرگیز بە بیریا نەدەهات، کە ینک، خەریکی پیلانێکی وایە. بە هێرشکردنە سەر سەرکردایەتی و کوشتنی زیاتر لە** 65 **کادیر، ینک تۆڵەی شەڕی هەکاری⁕، لە حزبی شیوعی کردەوە. چونکە ینک بە باڵی جەلالیزمیشەوە( باڵەی ئەبو قوبادی ئەمڕۆ)، لە مارکس و لنین خۆیان بە شیوعی تر پیشان دەدا..**

**حزبی شیوعی** دەیویست، بزوتنەوەی ڕزگای خوازی کورد، لە یەک بەرەی بەهێزدا کۆبکاتەوە، خۆی کردبووە ڕیش سپی نێوان ئەو دوو لایەنە(**ینک** و **پدک**)، کە چەندەها ساڵ بوو، بە خوێنی یەکتر تێریان نە دەخوارد، کە تا ئەمڕۆش بە گومانن لە یەکتر، کە پارچەیەکی کوردستانیان لە نێو خۆیاندا دابەشکردووە و خۆیان لکاندووەتەوە بە عێراقی عروبە.

**ینک**، خۆی بە خەمخۆری چەپی کوردستان دادەنا، زۆر جاریش، لە کۆمۆنیستەکان کۆمۆنیست تربوو، ئەمەش وای لە هاوڕیانی ناو **حزبی شیوعی** کردبوو، کە ئەندامەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، بە دۆستی خۆیان بزانن، بەڵام لە شەڕی بشت ئاشاندا، گەورەترین زەبریان لە کرێکارانی عێراق و کوردستان دا. نەک تەنها چەپ دەرنەچوون، بەڵکو ئەنفالی چەپەکانیان کرد..

**ینک**، پێی خۆش بوو، کە **حزبی شیوعی** هاتە شاخ و یارمەتیشی دا، بەڵام بەپێی سیاسەتی **ینک**، دەبوو **حزبی شیوعی**، سەربەخۆیی خۆی لە دەست بدا وپابەندی بڕیارەکانی ئەو بێت*(**بیرەوەریەکانم- ئەحمەد بانی خێلانی لاپەرە385-386**)*

**یەکێک لە پێشمەرگە کوردەکانی حشع کە بەدیلی دەگیرێت، ئاوا یادگاری ڕۆژانی ئەنفالی پشت ئاشان دەگێڕێتەوە: ئێمە چەند دیلێک بووین، لەپڕ لەو دیووی زیندانەکەوە گوێما لە هاواربوو، کە سەرنجمان دا دەبینین (نەوشێروان موصطفی)یە، لە مەفرەزەیەک پێشمەرگە تووڕەبووە کە بۆچی دیلیان بۆ هێناوە، ئێوە ڕێکەوتنەکەتان شکاند!!!**

**پێشمەرگەیەکی عەرەب ئاوا خوێنە یادگاری پشت ئاشان دەگێڕێتەوە*:**

***لم يخطر في بال أحد من القيادة أو أي رفيق بأن قوات كردية حليفة ( الأتحاد الوطني الكردستاني / أوك ) تستعد لشن هجوم واسع على مقراتنا في بشت ئاشان . كان الحزب في تلك الأيام يستعد للأحتفال بمناسبة عيد العمال العالمي في الأول من آيار . كان الرفيق عماد الطائي يفترش سقف مقر سريتنا ويرسم جدارية كبيرة على القماش . ولرفع المعنويات وزيادة روح المتعة والمرح كان الرفيق طبيب الأسنان أبو بدر مع عدد من الرفاق يرفعون الأعلام الحمراء مرددين الأغنية الرمضانية ( ماجينا .. ماجينا حلي الجيس وأنطينا ).***

***في ذلك اليوم بدأ الهجوم الذي شنته قوات ( أوك ) على مقراتنا ومن مناطق عدة محيطة ، كنا نرى بالناظور كيف كانت هذه القوات تهبط من قمم الجبال المغطاة بالثلوج الى الوادي ، ووصلت ألينا أخبار متفرقة وقليلة من هنا وهناك بالهجوم مما خلق نوع من الأرتباك بين الرفاق لكونه مفاجئ ولم يسمح لهم الوقت لترتيب الأوضاع بشكل أفضل ، حيث لم يتبين في البداية من الذي يقوم بالهجوم . أنتشر الرفاق في أماكن عديدة ورابض الرفاق حول مواقع الدوشكات ووضعت كمائن متقدمة ، أما أنا فقد كنت مع بعض الرفاق في كمين متقدم قرب مقر ألأعلام من الصباح وحتى اليوم الثاني ، وعند عودتي للفصيل طلب مني الرفيق أبو آيار المستشار السياسي للسرية بالتوجه للقرية التي نقلت أليها العوائل سابقا" وذلك لعلاج أحد رفاقنا الذي جرح هناك . وصلت القرية التي تبعد حوالي الساعة عن المقر ووجدتها فارغة ولم أجد أحد من الرفاق وتبين أنهم قد أنسحبوا الى قمم الجبال خوفا" من سقوط القذائف في الوادي والقرية نفسها . عدت الى مقر السرية ولم أجد أحدا" غير الرفيق ملازم قصي الذي أخذ يناديني بصوت عال ويخبرني بأن قوات أوك تتقدم وهي على بعد أمتار قليلة وطلب مني التوجه الى مقر المكتب السياسي .... كان ذلك ظهر يوم الثاني من مايس / آيار ، كان الرفيق أبو عامل في المقر وعدد من الرفاق بينهم الرفيق أبو زينب وهم يجمعون بعض الأوراق والوثائق وحاجات أخرى لحرقها . جمعنا الرفيق أبو عامل وطلب منا الأنسحاب للحاق بالرفاق الذين سبقونا وأشار الى قمة جبل بعيدة جدا" وقال أنها قمة جبل قنديل وهي هدفكم في المسير ، وبعد ساعات قليلة تبعنا الرفيق أبو عامل وبقية الرفاق بعد أن أحرقوا المقر .***

***لقد أطلقوا النار على الرفيق سمير مهدي شلال / أبو تيسير المهندس الزراعي / خريج جامعة طاشقند . عندما وقع في الأسر مع بعض الرفاق كان جريحا" بعد أن أصيب بشظية قنبلة يدوية في يده ولم يتمكن من السير، أستفسروا عن الأسماء وأتصلوا في اللاسلكي لتلقي التعليمات التي كانت زخة رصاص في جسده فأستشهد بطلا" أمام رفاقه ورفيقاته اللواتي صرخن بوجه القتلة ( أنذال ، فاشست ) . كذلك على الرفيق الجريح نصير محمد حسن الصباغ وهو أبن أخت الرفيق الفقيد مهدي عبد الكريم / أبو عباس حيث كنت على معرفة بأخيه الذي غرق في نهر موسكو قبل سنوات . كما أطلقوا النار على الرفيق المناضل حامد الخطيب / أبو ماجد وهو جريح وسرقوا مالية الأدارة التي عثروا عليها في ملابسه . كان أبو ماجد متحدث لذيذ المعشر ، أحد المناضلين اللذين حملهم قطارالموت عام 1963 الى نقرة السلمان وهو ضابط برتبة ملازم***

***لقد تبين فيما بعد بأن قوات أوک كانوا بحدود 1700 مقاتل معظمهم حملوا سلاح B K C وهو سلاح ذا مدى بعيد زودهم به النظام أضافة الى تسهيلات المرور جنب الربايا وتزويدهم بأجهزة المخابرة والعتاد وفق الأتفاقية السرية المعقودة بين الطرفين .***
***أما قواتنا فكانت بحدود 300 رفيق ورفيقة بما فيهم الرفاق في القيادة والعوائل والرفاق المرضى وهم تحت العلاج في المستشفى ، أضافة الى أن معظم الرفاق لم يدخلوا معارک حقيقية ولم تكن لديهم خبرة في القتال الأنصاري بعكس قوات أوک المتمرسة بالقتال منذ سنوات وكانوا يعرفون المنطقة ومداخلها معرفة جيدة وهم مزودين بأسلحة حديثة .***

**بۆ خوێندنەوەی ناوی شەهیدەکانی پشت ئاشان، کە هەندێکیان بەدیلی شەهیدکراون سەردانی:**
**[http://members.chello.se/kut/Beshtashan.htm](http://members.chello.se/kut/Beshtashan.htm) بکەن**

**بەڵی! ئەوانەی سەرەوە ناوی هەندێک لەو شەهیدانەن، کە زۆربەیان، لە هەندەرانەوە دەستیان لە خویندن هەڵگرتبوو، خاکی باشووری کوردستانیان بۆ خەبات هەڵبژاردبوو. ئاخۆ ئێستا سەرکردایەتی(ینک)هەڵویستی چبێت، کەوا دروشمی وحدەی عیراقی هەڵگرتووە؟ ئاخو ئەمڕۆ بۆچونی ئەو پێشمەرگانەی(ینک)چیبێت کە لە تاوانی پشت ئاشاندا، بەبێ بیرکردنەوە، گەورەترین زیانیان بە برایەتی کورد و عەرەب گەیاند؟، کە خزمەتی ڕژێمەکەی(وەفیق سامەرائی)*یان کرد، چی دەڵێن بە خێزانی شەهیدان؟ ئاخۆ ئێستا سەرکردەکانی حزبی شیوعی عیراق و کوردستان، چۆن بەراییان دێت، دوای ئەنفالکردنی ئەو هەموو گەنجە، دەستیان لە ناو دەستی جەلال بێت و جەلالیزم بە هاوپەیمانی خۆیان بزانن ؟ وا چینی کرێکاری کوردستان و عێراقیان، کردە پارویکی ئاسان؟**

**<u>هەڵەکانی حزبی شیوعی</u>**
**حزبی شیوعی دەبوو سوود لە شکستیەکانی خۆی وەربگرێت، بەستنی بەرە لە گەڵ حزبی بەعسدا1973، خۆی نەکاتە میانجیکەری دوو هێز(ینک و پدک) کە گیانی بنەماڵەیی بە سەریاندا زاڵە ، کە دوژمنی مێژویی یەکترن، کە نازانن زمانی دیالۆگ چیە و لایەنگری نەکات. دەبوو وەکو هێزێکی ڕابەر، بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، خەبات بکات، نەک پابەندی(پدک) بێت، نەک بەستنی بەرەی جود* و** ***هێرشکردنەسەر دۆڵی بالیسان لە گەڵ هێزەکانی جوددا لە نیسانی ساڵی 1983 *ئەحمەد بانی خێلانی-بیرەوەریەکانم لاپەڕە 461،*** **کە بارەگای مەڵبەندی هەولێری ینکی تیابوو،**

**حزبی شیوعی دەیتوانی بێلایەنانە کاربکات و خۆی نەخزێنێتە پاڵ هیچ لایەکەوە، کە لە شوێنێکی وەکو پشت ئاشان، تەنها خۆی شکستی خوارد و هێزەکانی تری ناو جود، پشتیان تێکرد نەهاتن بە دەمیەوە. پارتیش وەکو وەرەقەیەکی قومار بەکاری هێنا.**
**حزبی شیوعی دەبوو گەشبین تر بێت و بە پێی توانای هێزەکەی خۆی، مامەڵەی لە گەڵ گۆڕانکاریەکانی گۆڕەپانی کوردستان بکات.**
**بەپیی بەڵگەنامەکان، حزبی شیوعی لە خەباتی چەکداریدا جیدی نەبوو، گۆێی بە پێداویستیەکانی خەباتی چەکداری نەئەدا، هەرچەندە لە توانایدابوو، باشترین چەک بۆ پێشمەرگەکانی پەیدابکات.**

**بەڵام سەرەڕای ئەوە، حزبی شیوعی تاوانبار نەبوو، ئەگەر هەڵەیەکی تاکتیکیشی کردبێت تەنها خۆی زیانی پێ گەیووە، گەلی کوردی دووچاری ئاشبەتاڵ، ئەنفال، هێنانی لە شکری داگیرکەران و شەڕی براکوژی نەکردووە. بە پێچەوانەی ئەو دوو لایەنەوە((ینک و پدک)وە کە هەمیشە، چل ساڵە زیاتر، جەماوەری سادەی گەلی کوردیان بۆ مانەوە و بەهێزکردنی بنەماڵەکانیان سووتاندووە، حزبی شیوعی پێشکەوتووترین کادیری لە شەڕی پارتیزانی شەهیدبووە.**

**پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ مام جەلال، لەو ساڵەی کە ئەنفالی پشت ئاشانی داهێنا، لە فەرهەنگی ڕزگاری کوردستاندا گەرایی بۆ دانا (1983، وەکو ئەمڕۆ، دژی سزای کوشتن و لە سێدارەدان بوو بەرامبەر بە نەیارانی؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟**

ئاخۆ چی بلێت بە ئەندام و لایەنگری ینک، کە دەیووت حزبی شیوعی خەریکی تەعریبکردنی کوردستانە، بەڵام ئەمڕۆ خۆی بە قارەمانی عێراقی عروبە و ئومە دەزانێت و درێژە بە تەعریبکردنی کوردستان دەدات؟!!!!!!!!!!!

سڵاو لە گیانی پاکی  شەهیدانی ڕێگای خەبات، کە بەدەست ئەنفالکەری ناوخۆ شەهیدکران